سوره 34: سبأ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَلَهُ الْحَمْدُ فِي الْآخِرَةِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ (1)

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کەهەرچی لەئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەر هەمووی، ئەو خاوەنێتی، ستایش و سوپاسی لەقیامەتدا (لەبەهەشتدا) هەر پێش کەش بەو دەکرێت، ئەو (خوایە) زۆر داناو ئاگایە.

يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا وَهُوَ الرَّحِيمُ الْغَفُورُ (2)

دەزانێ چی دەچی بەناخی زەویداو چیشی لێ دێتەدەرەوە، چی لەئاسمان دێتەخوارەوەو چیش پیایدا بەرزدەبێتەوە، ئەو زاتەزۆر میهرەبان و لێخشبووە(بەنسبەت ئیماندارن و تەوبەکارانەوە).

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَأْتِينَا السَّاعَةُ قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتَأْتِيَنَّكُمْ عَالِمِ الْغَيْبِ لَا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَلَا أَصْغَرُ مِن ذَلِكَ وَلَا أَكْبَرُ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ (3)

ئەوانەی کافرو حەقپۆشن دەڵێن: قیامەت هەر نایەت و نامانگاتێ، (ئەی پێغەمبەر صلى اللهعلیەوسلم) پێیان بڵێ: (وا نیە) ئەرێ!! سوێند بەپەروەردگارم هەر یەختان دەگرێت (چونکەئەو زاتە) زانایەبەنهێنی و شاراوەکان و (هەر خۆی دەزانێت کەی بەرپای دەکات)، بەقەدەر ئەتۆمێك لەئاسمانەکان و زەویدا ناتوانێت لەو پەنهان بێت، وەلەوەش بچوکتر بێت یان گەورەتر (چونکەهەموو شتێك) لەکتێبی تایبەتیدا ڕوون و ئاشکرایە(لە(لوح المحفوظ)دا کەوەك دەستگایەکی کامپیوتەری وایە، هەموو شتێك تۆمارە).

لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُوْلَئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ (4)

ئەمەش بۆ ئەوەی پاداشتی ئەوانەبداتەوەکەباوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، هەر بۆ ئەوانیش لێخۆش بوون و ڕزق و ڕۆزی ناسك و نازدار (لەبەهەشتی بەریندا) بۆمان ئامادەیە.

وَالَّذِينَ سَعَوْا فِي آيَاتِنَا مُعَاجِزِينَ أُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ (5)

ئەوانەش کەهەوڵ و کۆشش دەدەن تا بەربەست دروست بکەن لەڕێگەی پەیامی ئێمەداو خەڵکی وێڵ دەکەن لەبەرنامەی ئێمە، ئەوانەسزاو تۆڵەیەکی زۆر بەئێش و پڕ ئازاریان بۆ ئامادەیە.

وَيَرَى الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ الَّذِي أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ الْحَقَّ وَيَهْدِي إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ (6)

ئەوانەی کەزانستی و زانیاریان هەیە(چ زانستییەئاینیەکان وەك گاورەجوو یا ئەوانەی ڕۆدەچن لەزانستەماددیەکاندا) چاك دەزانن کەئەوەی لەلایەن پەروەردگارتەوەبۆت ڕەوانەکراوەحەق و ڕاستەقینەیە، هیدایەت بەخشەو ڕێنمونی بەخشەبۆ ڕێبازی پەروەردگاری خاوەن دەسەڵات و شایستەی سوپاس و ستایش.

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا هَلْ نَدُلُّكُمْ عَلَى رَجُلٍ يُنَبِّئُكُمْ إِذَا مُزِّقْتُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّكُمْ لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ (7)

بێ بڕواکان (بەگاڵتەپێکردنەوە) دەڵێن: ئایا پیاوێکتان پێ بناسێنین کەهەواڵتان دەداتێ، کەکاتێك پارچەپارچەبوون و هەلا هەلا بوون لەتوێی خاکدا، ئێوەسەر لەنوێ دروست دەکرێنەوە!!.

أَفْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَم بِهِ جِنَّةٌ بَلِ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ فِي الْعَذَابِ وَالضَّلَالِ الْبَعِيدِ (8)

ئایا درۆ بەدەم خواوەهەڵدەبەستێ، یا شێت بووە؟! (نەخێر..!!) ئەوانەی کەباوەڕیان بەڕۆژی دوایی و قیامەت نیە، لەسزای سەختا دەبێ ژیان بەرنەسەر (چونکەلەدنیادا) زۆر گومڕاو سەلێشێواو بوون.

أَفَلَمْ يَرَوْا إِلَى مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِن نَّشَأْ نَخْسِفْ بِهِمُ الْأَرْضَ أَوْ نُسْقِطْ عَلَيْهِمْ كِسَفًا مِّنَ السَّمَاءِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ (9)

ئایا ئەوەنابینن چی دەورەی داون لەئاسمانەکان و زەویدا، سەرنجی بەردەمیان نادەن؟! ئاوڕێك لەدواوەنادەنەوە؟! ئەگەر بمانەوێ لەناخی زەویدا نوقمیان دەکەین، یا پارچەیەکیان لەئاسمانەوەبەسەردا بەردەدەینەوە، ئا لەو تواناو دەسەڵاتداریەدا نیشانەی ڕوون و ئاشکرا هەیەبۆ هەر بەندەیەك کەدڵی لای خوا بێت و هۆشی لای ڕەزامەندیی ئەو بێت.

وَلَقَدْ آتَيْنَا دَاوُودَ مِنَّا فَضْلًا يَا جِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ (10)

(ئێمە) ڕێزێک و بایەخێکی زۆرمان بەخشیوەبەداود (فەرمانمان داوەکە): ئەی کێوەکان و باڵندەکان (تەسبیحات و سروودی ستایشی) لەگەڵدا بڵێنەوە، هەروەها ئاسمانیشمان بۆ نەرم کردووە(وەکو (معجزة)یەك تا پێداویستیەکانی بەئاسانی لێ دروست بکات).

أَنِ اعْمَلْ سَابِغَاتٍ وَقَدِّرْ فِي السَّرْدِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (11)

وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ وَأَسَلْنَا لَهُ عَيْنَ الْقِطْرِ وَمِنَ الْجِنِّ مَن يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَمَن يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ السَّعِيرِ (12)

بۆ سولەیمانیش بامان خستەژێر فەرمانیەوە، بەیانیان یەك مانگەڕێ دەڕۆیشت و ئێواران یەک مانگەڕێ دەهاتەوە، کانی مسیشمان بۆ تواندەوە، لەپەریانیش هەندێکمان بۆ ڕاهێنا کەلەبەردەستیدا کار بکەن

بەمۆڵەتی پەروەردگاری، جا ئەوەی لەفەرمانی ئێوەدەرچێت سزای دۆزەخی پێ دەچێژین.

يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَاءُ مِن مَّحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَاتٍ اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ (13)

سولەیمان هەرچی بویستایە، پەریەکان بۆیان دروست دەکرد، لەشوێنی خو اپەرستی و پەیکەرو حەوزو مەنجەڵی گەورەی بەجۆرێك کەلەجێگەی خۆی دامەزراوەو ناجوڵێت، ئەی نەوەو شوێنکەوتوانی داوود، ئێوەبەکردارو گوفتار سوپاسگوزار بن، هەرچەندەکەمێك لەبەندەکانم سوپاسگوزارن.

فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ الْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَى مَوْتِهِ إِلَّا دَابَّةُ الْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الْغَيْبَ مَا لَبِثُوا فِي الْعَذَابِ الْمُهِينِ (14)

کاتێ کەبڕیاری مردنی (سولەیمان ماندا، پەرییەکان نەیانزانی کەمردووە)، تا مۆرانەگۆچانەکەی کلۆر کرد، کاتێ کەکەوت ئەوسا پەریەکان بۆیان دەرکەوت کەئەگەر غەیب زان و نهێنیزان بونایەئاوا لەکارو فەرمانی ناخۆشدا بەردەوام نەدەبوون، (هەر کەزانیان سولەیمان وەفاتی کردووەدەستیان لەکار هەڵگرت).

لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ آيَةٌ جَنَّتَانِ عَن يَمِينٍ وَشِمَالٍ كُلُوا مِن رِّزْقِ رَبِّكُمْ وَاشْكُرُوا لَهُ بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ (15)

بەڕاستی بۆ خەڵکی سەبەء لەشوێنەواریاندا بەڵگەو نیشانەی (دەسەڵاتی خوا هەیە)، باخی زۆر گەورەلای ڕاست و چەپی ناوچەکەیاندا خەملی بوو، (مۆڵەت درا بوون کە): بخۆن لەڕزق و ڕۆزیی پەروەردگارتان و سوپاسگوزاری بن، وڵاتێکی خۆش و ئاوەدان و پەروەردگارێکی لێخۆشبوو و لێبوردەتان هەیە.

فَأَعْرَضُوا فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ الْعَرِمِ وَبَدَّلْنَاهُم بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَى أُكُلٍ خَمْطٍ وَأَثْلٍ وَشَيْءٍ مِّن سِدْرٍ قَلِيلٍ (16)

(بەڵام ئەمان لەباتی شوكرانەبژێری و خواپەرستی) پشتیان هەڵكردو (بەدەم بانگەوازی خواوەنەچوون)، ئێمەلافاوێكی وێرانكەرمان بۆ ناردن، (كەباخ و بێستانی كاول كردن) لەجیاتی ئەو دوو باخەگەورەیەدو باخی دڕكاوی بەروبوم تاڵ و درەختی بێبەرو كەمێك درەختی (سدر)یش كەبەروبومێكی كەمی هەیە، پێمان بەخشین.

ذَلِكَ جَزَيْنَاهُم بِمَا كَفَرُوا وَهَلْ نُجَازِي إِلَّا الْكَفُورَ (17)

(ئەو بارودۆخەی كەبەسەریاندا هات) دەرئەنجامی بێ ئیمانی و كافریتییاندا بوو، مەگەر ئێمەتۆڵەهەر لەكافران ناسێنین؟!).

وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ (18)

(لەوەودوا) ئێمەلەنێوان ئەمان و ئەو شوێنانەدا كەبەرەكەتمان بەسەردا ڕژاندبوون دێهات و ئاوەدانی ئاشكرا هەبوو، كەبەبێ ماندوو بوون ئەو سەفەرانەیان دەكرد لەنێوان شام و یەمەندا، ماوەی نێوان دێهاتەكانیان دەبڕی بەئاسانی و بێ ماندووبوون، وە(پێمان وتبوون، دەسەفەرو بازرگانی بكەن)، بڕۆن چەندەها شەوو ڕۆژ بێ ئەوەی هیچ ترس و بیمێكتان هەبێت.

فَقَالُوا رَبَّنَا بَاعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا وَظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ فَجَعَلْنَاهُمْ أَحَادِيثَ وَمَزَّقْنَاهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ (19)

(كەچی لەو نازو نیعمەتەش بێزاربوون و) وتیان: پەروەردگارا نێوانی ڕێگەی سەفەرەكانمان لەیەك دوور بخەرەوە، (بەم داخوازییەیان) ستەمیان لەخۆیان كرد، ئێمەش كردمانن بەداستان و باسی سەرزاری خەڵكی، وەپارچەپارچەمان كردن، بەڕاستی ئالەو (ڕووداو حاڵەتانەدا) بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیەبۆ كەسانێك كەخۆگربن لەكاتی ناخۆشیی و تەنگانەدا، وەسوپاسگوزار بن لەكاتی خۆشیدا (وەهەوڵ بدەن وەكو ئەو قەومەنالەبارەبیانوگرەنەبن).

وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُ فَاتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ (20)

لەڕاستیدا گومانی شەیتان بەڕاست دەرچوو بەرانبەر ئەو جۆرەکەسانە(کەوتبووی: دەبینی زۆربەی خەڵکی سوپاسگوزار نابن) بێ پەروا شوێنی کەوتن، جگ ەلەدەستەیەك لەباوەڕداران.

وَمَا كَانَ لَهُ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَانٍ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِالْآخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِي شَكٍّ وَرَبُّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ (21)

جا وەنەبێ (ئیبلیس) هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا ببێت، بەڵکو ئێمە(ویستومانە) کەکێ باوەڕی بەقیامەت و چاودێرەبەسەر هەموو شتێکداو هیچ شتێکی لێ بزر نابێت.

قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ (22)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم بەهاوەڵپەرستان) بڵێ: با هاناو هاوار ببەن بۆ ئەو شتانەی کەلەجیاتی خوا (دەیانپەرستن)!! (ئەوانە) خاوەنی بچوکتر لەئەتۆمێك نین نەلەئاسمانەکان، نەلەزەویدا، وەهیچ هاوبەشی و هاوکاریەکیشیان نیەتیایاندا، دەسەڵاتی هیچ پشتیوانی و یارمەتیەکیشیان نیە.

وَلَا تَنفَعُ الشَّفَاعَةُ عِندَهُ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُ حَتَّى إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ قَالُوا الْحَقَّ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ (23)

هیچ تکاو پاڕانەوەیەك سوودی نیەلای (خوا) مەگەر خۆی مۆڵەت بدات هەتا ئەو کاتەی ئیتر (ئەوانەی تکاکارن و ئەوانەش کەتکایان بۆ دەکرێت دڵیان دێتەوەجێ و هۆشیان پیادێتەوەو لەیەکتر دەپرسن): پەروەردگاتران فەرمانی بەچی داو چی فەرموو: (لەوەڵامیاندا) دەڵێن: حەق و ڕاست و دروست، بەڕاستیی ئەو (پەروەردگارە) زۆر بەرزو بڵندو گەورەیە.

قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قُلِ اللَّهُ وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (24)

(ئەی پێغەمبەر صلى اللهعلیەوسلم بەهاوەڵپەرستان) بڵێ: کێ ڕزق و ڕۆزیتان پێ دەبەخشێت لەئاسمانەکان و زەویدا (ئەگەر بەهۆی سپڵەییانەوەوەڵامیان نەدایتەوەتۆ) بڵێ: (مەگەر هەر) زاتی الله(نیەڕۆزیبەخش)، ئەوسا پێیان بڵێ: بێگومان ئێمە، یا ئێوەلەسەر ڕێگەی (ڕاست و دروستی) هیدایەتین، یاخود لەگومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچووین!! (خۆتان بینەداوەر).

قل لَّا تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ (25)

هەرووەها پێیان بڵێ: ئێوەپرسیارتان لێناکرێت دەربارەی گوناهانی ئێمە، ئێمەش پرسیارمان لێ ناکرێت دەربارەی ئەو کارو کردەوانەتان کەئەنجامی دەدەن (هەرکەس بەرپرسی کارو کردەوەو بیروباوەڕی خۆیەتی).

قُلْ يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَهُوَ الْفَتَّاحُ الْعَلِيمُ (26)

پێیان بڵێ: (ڕۆژێك دێت) پەروەردگارمان هەموو لایەکمان کۆدەکاتەوە، لەوەودوا لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی جیامان دەکاتەوە، (باوەڕداران بۆ بەهەشت و بەختەوەری، کافرو هاوەڵپەرستان بۆ دۆزەخ و دەردی سەری)، (ئەو ڕۆژە) ئەو زاتەهەر خۆی دادوەری دادپەروەرەو زانای بێ سنوورە.

قُلْ أَرُونِيَ الَّذِينَ أَلْحَقْتُم بِهِ شُرَكَاء كَلَّا بَلْ هُوَ اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (27)

(دووبارەپێیان) بڵێ: ئادەی ئەوانەم نیشان بدەن کەدابوتانەپاڵ خواو بەهاوبەشی ئەوتان دادەنا، هەرگیز کاری وا ڕەوا نیە، بەڵکو ئەو خوایە، زۆر باڵادەست و دانایە(بەهیچ شێوەیەك پێویستی بەهاوەڵ نیە).

وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (28)

ئێمەتۆمان ڕەوانەنەکردووە، مەگەر بۆ ئەوەنەبێ کەبۆ هەموو خەڵکی ببیتەمژدەدەرو ترسێنەر.

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (29)

(بێ بڕواکان) دەڵێن: (باشە) کەی ئەم بەڵێنە(قیامەت و زیندووبونەوە) دێتەدی ئەگەر ئێوەڕاستدەکەن.

قُل لَّكُم مِّيعَادُ يَوْمٍ لَّا تَسْتَأْخِرُونَ عَنْهُ سَاعَةً وَلَا تَسْتَقْدِمُونَ (30)

پێیان بڵێ: کاتێك دێت کەناتوانن نەتاوێك دوا بکەون نەتاوێك پێش بکەون (بەڵکو لەکاتی خۆیدا ئامادەدەکرێن).

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَن نُّؤْمِنَ بِهَذَا الْقُرْآنِ وَلَا بِالَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَلَوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ مَوْقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمْ يَرْجِعُ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ الْقَوْلَ يَقُولُ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا لَوْلَا أَنتُمْ لَكُنَّا مُؤْمِنِينَ (31)

ئەی ئەوانەی کەبێ بڕوان دەڵێن: هەرگیز باوەڕ بەم قورئانەو بەو (کتێبانەش) ناکەین کەپێش ئەم (ڕەوانەکراوە)، خۆ ئەگەر دەبینی (لەڕۆژی قیامەتدا) چۆن ستەمکاران وەستێنراون لەبەردەم (دادگای پەروەردگاریاندا قسەدەڵێن بەیەکترو (یەکتری تاوانبار دەکەن)، لاوازکراوەکان بەزۆردارو دەسەڵاتدارەکان دەڵێن: ئەگەر ئێوەبونایەئێمەباوەڕدار دەبووین.

قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا أَنَحْنُ صَدَدْنَاكُمْ عَنِ الْهُدَى بَعْدَ إِذْ جَاءكُم بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ (32)

دەسەڵاتدارو زۆردارەکانیش بەلاوازکراوو ژێردەستەکان دەڵێن: بۆچی ئێمەڕێگەی هیدایەتمان لێ بەستبوون و نەماندەهێشت دوای ئەوەی کەبۆتان هاتبوو؟! نا، وا نیە، ئێوەخۆتان تاوانبارو تاوانکارن.

وَقَالَ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَا أَن نَّكْفُرَ بِاللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُ أَندَادًا وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ وَجَعَلْنَا الْأَغْلَالَ فِي أَعْنَاقِ الَّذِينَ كَفَرُوا هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (33)

(دووباره) لاوازكراوو ژێردەستەكان بەزۆردارو دەسەڵاتدارەكان دەڵێن: نا، وانیە، بەڵكو پیلان و نەخشەی شەوانەڕۆژ بوو كەفەرمانتان پیادەداین كەبڕوامان بەخوا نەبێ و (شوێنی ڕێگەو ڕێبازی نەكەوین)، هاوەڵی بۆ بڕیار بدەین، (پاشان هەموان) پەشیمانی لەدەروونیاندا دەشارنەوە(بەتایبەتی كاتێك كە) ئەو سزاو تۆڵەیەیان بینی كەبۆیان ئامادەیە، (ئەوسا ئیتر) كۆت و زنجیرمان كردەگەردنی ئەوانەوەكەبێ بڕوا بوون، مەگەر پاداشتیان لەبری كارو كردەوەكانیان نیە؟!.

وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ (34)

(ئێمە) بۆ هەر شوێنێك (پێغەمبەرێكی) بێدارخەرەوەمان نەناردووە، خۆشگوزەرانان نەیانوتبێ: ئێمەبڕوامان بەم (بیروباوەڕە) نیەكەبەئێوەدا ڕەوانەكراوە!!

وَقَالُوا نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالًا وَأَوْلَادًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ (35)

هەروەها وتویانە: ئێمەسامان و نەوەی زۆرترمان هەیە(لەئیمانداران، دیارەكەخوا ئێمەی خۆش دەوێت!!)، ئێمە(لەقیامەتدا) سزاو ئەشكەنجەنادرێین!!.

قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (36)

(پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم) بەڕاستی ئەوە، پەروەردگاری منەكەڕزق و ڕۆزی زۆر دەبەخشێت بەهەركەسێك كەبیەوێ، یان كەمی دەكاتەوەو تەنگی دەكاتەوە(بێگومان هەردوو حاڵەتەكەبۆ تاقیكردنەوەیە) بەڵام زۆربەی خەڵكی بە(نهێنی كارەكانمان) نازانن و پەی پێ نابەن.

وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُم بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَى إِلَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ لَهُمْ جَزَاء الضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا وَهُمْ فِي الْغُرُفَاتِ آمِنُونَ (37)

(لەڕاستیدا) نەماڵتان و، نەنەوەتان شتێك نین كەببنەهۆی نزیكبوونەوەتان لەئێمە، (یا ڕازی بوونی ئێمەلێتان)، بەڵكو ئەوانەی كەباوەڕیان هێناوەو كاروكردەوەی چاكەئەنجام دەدەن (ئەوانەنزیكن لەئێمەوەو ڕێزیان لای ئێمەهەیە)، ئا ئەوانەپاداشتیان چەند بەرابەرەبەهۆی كردەوەی چاكیانەوە، هەر ئەوانیش لەكۆشك و تەلارەكانی (بەهەشتدا) بەئاسوودەیی و ئارامیی و خۆشی، ژیان دەبەنەسەر.

وَالَّذِينَ يَسْعَوْنَ فِي آيَاتِنَا مُعَاجِزِينَ أُوْلَئِكَ فِي الْعَذَابِ مُحْضَرُونَ (38)

ئەوانەش كەهەوڵ و كۆشش دەدەن (تا بەربەرست بخەنەڕێی) ئایەتەكانی ئێمە، ئا ئەوانەبۆ ناو سزاو ئازار ڕاپێچ دەكرێن.

قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ وَمَا أَنفَقْتُم مِّن شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ (39)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیهوسلم) پێیان بڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم ڕزق و ڕۆزی دەبەخشێت بەهەركەس لەبەندەكانی یا لێی دەگرێتەوە، ئێوەش هەر شتێك دەبەخشن ئەو زاتەدەبەخشێتەوە(هەندێك جار هەر لەدنیادا، پاداشتی قیامەتیش با بوەستێت)، چونكەئەو خوایەچاكترین ڕزق و ڕۆزیی بەخشە.

وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَائِكَةِ أَهَؤُلَاء إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ (40)

ڕۆژێك دێت كەهەموان كۆدەكرێنەوەئەوسا خوا بەفریشتەكان دەفەرموێت: (بەڕاست)، ئەوانەئێوەیان دەپەرست؟!

قَالُوا سُبْحَانَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ (41)

(لەوەڵامدا) دەڵێن: پاكیی و ستایش بۆ تۆ (ئەی پەروەردگار) تۆ یارو یاوەری ئێمەی نەك ئەوان، بەڵكو ئەوانەپەرییان دەپەرست، زۆربەیان باوەڕیان پێیان هەبوو (باوەڕیان بەجادووگەرو دەجالەكان هەبوو).

فَالْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَّفْعًا وَلَا ضَرًّا وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا ذُوقُوا عَذَابَ النَّارِ الَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ (42)

ئەوەئیتر ئەمڕۆ کەستان دەسەڵاتی ئەوەی نیەکەقازانجێك یا زەرەرێك بەکەسی ترتان بەگەیەنێت، بەستەمکارانیش دەڵێین: بچێژن سزای ئەو ئاگرەی کەئێوەبەدرۆتان دەزانی و برواتان پێی نەبوو.

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالُوا مَا هَذَا إِلَّا رَجُلٌ يُرِيدُ أَن يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُكُمْ وَقَالُوا مَا هَذَا إِلَّا إِفْكٌ مُّفْتَرًى وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءهُمْ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ (43)

جا ئەگەر ئایەتەئاشکراو ڕوونەکانی ئێمەبەسەریاندا بخوێنرێتەوە، (کافران) دەڵێن: ئەمەکابرایەکەو دەیەوێت لەڕێگەو ڕێبازی باوانتان وێڵتان بکات، هەروەها دەڵێن: ئەمەشتێکی دەستهەڵبەست و هەڵبەستراوە، ئەوانەش کەکافرن دەربارەی ئەو حەق و ڕاستییەی کەبۆیان هاتووەدەڵێن: ئا ئەمەسیحرو جادوویەکی ئاشکرایە!!

وَمَا آتَيْنَاهُم مِّن كُتُبٍ يَدْرُسُونَهَا وَمَا أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمْ قَبْلَكَ مِن نَّذِيرٍ (44)

(جا خۆ ئێمە) هیچ کتێب و نامەیەکمان بۆ نەناردوون تا بیخوێنن (تا لەڕووی ئەوەوەتۆ بەدرۆ بخەنەوەو بڕوات پێ بکەن)، وەپێش تۆش هیچ پێغەمبەرێکمان بۆ ڕەوانەنەکردوون (تا لەسزای بێ ئیمانی بیانترسێنێت).

وَكَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَمَا بَلَغُوا مِعْشَارَ مَا آتَيْنَاهُمْ فَكَذَّبُوا رُسُلِي فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ (45)

ئەو خەڵکەی پێش ئەمانیش (پێغەمبەرانی خوایان بەدرۆخستەوەبەمەرجێك بەقەدەر دەیەکی ئەوانە، ئەمان دەسەڵاتدارو خاوەن دارایی نین، کەچی پێغەمبەرەکانی منیان بەدرۆخستەوە، ئایا نابینن چۆن تۆڵەم لێ سەندن و چیم بەسەرهێنان؟!

قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُم بِوَاحِدَةٍ أَن تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَى وَفُرَادَى ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ (46)

(پێیان) بڵێ: من یەك ئامۆژگاری ئێوەدەكەم، كە، بۆ خواو لەبەر خوا، دوو قوڵی و بەتەنهایی، دانیشتن و بیربكەنەوە(لەم قورئانە، لەم پێغەمبەرە، لەم بەرنامەیە) ئەم هاوەڵەی ئێوە(محمد صلى الله‌علیەوسلم)، شێت نیە، بەڵكو ئەو تەنها ترسێنەری ئێوەیەپێش ئەوەی سزایەكی سەخت ڕووبەڕووتان ببێت..

قُلْ مَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (47)

پێیان بڵێ: هەرچی پاداشت و كرێیەكم داواكردووەهەر بۆ خۆتان، من پاداشتم تەنها لەسەر خوایە، ئەو خوایەش شایەتەبەسەر هەموو شتێكەوە.

قُلْ إِنَّ رَبِّي يَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَّامُ الْغُيُوبِ (48)

(ئەی محمد صلى الله‌علیەوسلم) بڵێ: بەراستی پەروەردگارم (سەرئەنجام) حەق دەماڵێ بەسەر (بەتاڵ و ناحەقیدا) بەڕاستی ئەو زاتەزۆر شارەزایەبەنهێنی و شاراوەكان.

قُلْ جَاء الْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ الْبَاطِلُ وَمَا يُعِيدُ (49)

هەروەها بڵێ: حەق و ڕاستی هات و بەتاڵ و ناحەقی باوی نەما.. نەدەتوانێ دەست پێ بكاتەوە، نەدەتوانێ بگەڕێتەوەدۆخی جارانی.

قُلْ إِن ضَلَلْتُ فَإِنَّمَا أَضِلُّ عَلَى نَفْسِي وَإِنِ اهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِي إِلَيَّ رَبِّي إِنَّهُ سَمِيعٌ قَرِيبٌ (50)

بڵێ: ئەگەر من گومڕابم ئەوەگومڕاییەكەم زەرەری بۆ خۆم هەیە، خۆ ئەگەر ڕێگەی هیدایەتم گرتبێت ئەوەبەهۆی نیگاو وەحی پەروەردگارمەوەیە، بەڕاستی ئەو زاتەزۆر بیسەرو نزیكە.

وَلَوْ تَرَى إِذْ فَزِعُوا فَلَا فَوْتَ وَأُخِذُوا مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ (51)

(ڕۆژێك دێت كافران) دەبینیت لەترسا خەریكن زیرەدەكەن، دڵنیان كەلەدەست دەرناچن و ڕزگاربوونیان ئەستەمە، ئیتر هەر لەنزیكەوەدەسگیر دەكرێن و باڵبەست دەكرێن.

وَقَالُوا آمَنَّا بِهِ وَأَنَّى لَهُمُ التَّنَاوُشُ مِن مَكَانٍ بَعِيدٍ (52)

ئەو كاتە(بەناچاریی) دەڵێن: ئیمانمان (بەپەروەردگارمان) هێنا، بەڵام لەو شوێنەدوورەوەئیمانیان چۆن دەست دەكەوێت (تازەكار لەكار ترازاوە).

وَقَدْ كَفَرُوا بِهِ مِن قَبْلُ وَيَقْذِفُونَ بِالْغَيْبِ مِن مَّكَانٍ بَعِيدٍ (53)

ئەوانەكاتی خۆی باوەڕیان بەخوا نەبوو، هەر لەدوورەوەباسی نهێنی و شاراوەكانیان دەكردو دەمیان لێدەدا.

وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِم مِّن قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُوا فِي شَكٍّ مُّرِيبٍ (54)

(ئیتر ئەوسا) لەنێوان ئەمان و ئارەزووەكانیاندا (بەربەست دانرا)، هەروەكو پێشتر بەهاوشێوەی ئەمان كرا، بەڕاستیی ئەوانەهەمیشەو بەردەوام لەگومان و دوودڵیدا بوون (بەرانبەر ئیمان و خۆیان بۆ دینداریی یەكلایی نەدەكردەوە).